# سكرتێری "یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان" بڕوانامەی ئاشتی وەردەگرێت

ئا: پرس

**لە ڕۆژانی** (٤/٣) بۆ (٢٠٠٨/٤/٧) ڕێكخراوی ئاشتی جیهانی، لە وڵاتی كۆریا لە شاری "سیئۆل" لەژێر ناوی "كۆنفرانسی ئاشتی بۆ سەركردەكان" بە بەشداری سەرۆك و باڵوێزی (٩١) دەوڵەت و بە بەشداری (٣٥٠) ئەندام، كۆنگرەی خۆی بەست.

لەم كۆنگرەیەدا بەڕێزان "نەجات باپیر" سكرتێری (ی.ل.د.ك) و "ڕێناس جانۆ" سكرتێری (ی.ق.ك) شیرین ئامێدی، وەك باڵوێزی ئاشتی عێراق، بەشداربوون و هەر یەك لە بەڕێزان سكرتێری لاوان و قوتابیان بڕوانامەی ئاشتیان پێ بەخشرا و بە فەرمی بوونە ئەندامی ڕێكخراوەكەو نوێنەری ئاشتی لە عێراق.

سەبارەت بە چۆنیەتی و دەرەنجامەكانی ئەم بەشداری كردنە، بەڕێز "نەجات باپیر" بەم شێوەیە بۆ ڕۆژنامەكەمان هاتە ئاخافتن:

ماوەیەك لەمەوبەر "شاندێكی ڕێكخراوی ئاشتی جیهانی" كە بریتی بوو لە مستەر "دیڤید"و میستەر "ئارت" كە خەڵكی كوردستانی عێراقەو لە ئەمریكا دادەنیشێ، سەردانی كوردستانیان كرد، چاویان بە سەرۆكی هەرێم و هەندێك بەرپرسی حكومی و حزب كەوت.

شاندەكە سەرسام بوون بەوەی كە كوردستان جێگای پێكەوە ژیانی هەموو خەڵكێكە دوور لە مەزهەب و ئایین و نەتەوەگەری.

دوای گەڕانەوەیان، ئەم ڕێكخراوە بە فەرمی بانگهێشتنامەی بۆ "شیرین ئامێدی" و "ڕێناس جانۆ" و من نارد، لەبەر ئەوەی لەعێراقدا نوێنەریان نییە، ئێمەیان وەكو هەرێمێكی سەربە عێراق بە باڵوێزی ئاشتی لەعێراق دەست نیشان كردو بەشداری كۆنگرە كە بوین.

ڕۆژی یەكەم وتار خوێندنەوە بوو لەلایەن باڵوێزو نوێنەرو سەرۆكی وڵاتانەوە، شیرین ئامێدیش وتارێكی خوێندنەوە لەسەر ڕەوش و زیاتر ناساندنی هەرێمی كوردستان بە كۆنگرەكە.

ڕۆژانی دواتر نزیكەی (١٦-١٨) محازەرات پێشكەش كران، كە محازەرەیەكیان تایبەت بوو بە هەرێمی كوردستان لەلایەن مستەر ئارتەوە بە ئیجابی ڕەوشی هەرێمی كوردستانیان خستنەڕووچ لەڕووی سیاسی و بەرقەراری ئەمن و ئابووری و .....ییەوە.

دەیانگوت ئەگەر وڵا تێك پێویستی بەم ڕێكخراوەی ئێمە بێت كە كاری تێدا بكەین، ئەوا ئێمە پێویستیمان بە كوردستانە كە كاری تێدا بكەین.

سەبارەت بە دەسكەوت و سوودی بەشداری كردنەكە بەڕێز سكرتێری لاوان گوتی: كۆنگرەكە زۆرباش بوو و ئەنجامی باسیشی لێكەوتەوە.

یەكەم: دەسكەوت ئەوەبووكە محازەرەیەكی تایبەت لەسەركوردستان پێشكەشكرا.

دووەم: بڕیارە لەمانگی (٧) ئەمسال كۆنگرەیەكی جیهانی، بۆ لاوان لەشاری "پاركوای" ساز بكرێت ئێمەش وەكو یەكێتی لاوان بە فەرمی بانگهێشتی ئەو كۆنگرەیە دەكرێین.

سێیەم: داوامان كرد كە كۆنگرەیەكی ڕێكخراوی ئاشتی لە كوردستان سازبدرێت، مەبدەئیەن ئەوان ڕازی بوونە كە كۆنگرەی مانگی (١٠) لە كوردستان بێت بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە مانگی (٧) سەردانی كوردستان بكەنەوە.

چوارەم: لەگەل زۆرێك لەگەڵ باڵوێزو نوێنەرانی وڵاتان دیدارمان هەبوو و پردێكی پێوەندی لە نێوانمان دروست بوو.

لەكۆتایی دەمەوێ ئەوەش بڵێم كە ئێمە دیدارمان لەگەڵ كەس دووەمی ناو ڕێكخراوەكە كردووە كەكوڕی دامەزرێنەری ڕێكخراوەكەیە.

شایەنی وتنە ئەم ڕێكخراوەیە زیاتر لە (٥٠) ساڵ دەبێت لەلایەن خێزانێكی كۆرییەوە دامەزراوەو لەساڵی (٢٠٠١) ناوەكەی گۆڕاوە بۆ "ڕێكخراوی ئاشتی جیهانی" لەم ڕێكخراوەدا (١٢٠) وڵات ئەندامن تیایداو، هەرسێ مانگ جارێك لەوڵاتێك سەبارەت بەرەوشی ئاشتی كۆنگرەیەك سازدەكات و، لەبواری ئاشتیدا بڕوانامەی ئاشتی دەبەخشێتە سەرۆك و بەرپرسان.

ئەم ڕێكخراوەیە لەسەر بنەمای تاك كاردەكات و لەوڵاتان لقیان نیە، بەڵكو وەكو تاك باڵوێزی ئاشتیان هەیە وهەركیشوەرەوكەسێك سەرپەرشتی دەكات.






## FORMAT



شاخەوان عومەر سلێمان

**وەكو** باسدەكەن لە ئەڵمانیا وەزارەتی وزە بەهاوكاری شارەوانیەكان لە هەموو گەڕەك و شوێنە میحوەریەكانی ناو شارەكان، بەهۆی حاویەی پاشەڕۆ و خۆڵ و خاشاك، كارەبا بەرهەم دێنێ و مانگانەش داهاتی حكوومەت لەو پڕۆژە بچوكانە ملیۆنەها یۆرۆیە، ئێستا لە هەندێك ویلایەتی ئەمریكا بەهۆی (( باوە)) سود لە ئامێرەگەورانە وەردەگرن كە لە شێوەی پانكە بزوێنەریان هەیەو بڕێكی زۆر وزەی ئەلەكتریك دروست دەكەن، ئاشكرایە حكوومەتی هەرێم دانپیانراو نیەو ناتوانێت دەوڵەت ئاسا پێنگاڤی وا بهاوژێت، با وێستگەكەی ئەحمەد ئیسماعیل بخەینە دەرەوەی بازنەی خزمەتگوزاریەكانی ئەم نووسینە، چونكە وەك بێ ئومێدی لە چەسپاندی ڕێژەی ١٧٪ بووجەی كوردستان، تاوەكو ڕوناكیەكەی ماڵەكانمان نەكاتە چرخان هێندەی گەیشتنی قیتارەكەی سلێمانی ئیمان پێی هەیە.

ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ڕاپۆرتی كۆمەڵێك چالاكی بواری ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە بەدواداچوونی كێشەی كارەبا بڵاوكرایەوە، سەیرەكە ئەوە بوو بەپێی دەركەوتەی ڕاپۆرتەكە كە هەمووی پشت ئەستوربوو بەكۆمەڵێك داتاو زانیاری مەلموس، ئاماژەیەكی سەیری بەخۆە گرتبووە، كە ئەویش جۆرێكە لە گەندەڵیكردنی ماڵ و سەروەت و سامانی وڵات، ناوەرۆكی ڕاپۆرتەكە دەیگووت نزیكی ١٠٠ تا ١٥٠ مێگاوات كۆی گشتی كارەبای هەردوو سەرچاوەكانی بەنداوی دووكان و دەربەندیخان بۆ دەوائیر و كۆمپانیاو ماڵی بەرپرسەكان و بارەگاحیزبی و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و مۆتێل و هاوینەهەوارەكانی شاری سلێمانی دەڕوات، ڕاپۆرتەكە بەلێدوانی بەرپرسێكی گەورەی كۆنترۆڵی كارەبا كۆتایدێت، دەفەرموێت گەر ئەو كارەبایە هەمووی بگەڕێتەوە خەزینەی وەزارەت و سەرلەنوێ دابەشی هاوڵاتیان بكرێتەوە بە یەكسانی، هەر ماڵێك ٨ تا ١٠ سعات كارەبای بەردەوامی دەبێت.

تێناگەم بۆچی فەرمانگەو وەزارەت و بارەگاكانی دیكەی حكوومی و حیزبی لە كاتێكدا تەنیا نەخۆشخانەكانی لێدەرچێت، كە ڕۆژانە بەردەوام كارەبای پێویستە، گەرنا هیچ شوێنێكی حكوومی یان حیزبی ڕۆژانە لە شەش سعات تاهەشت سعات زیاتر كارەبای ناوێت، بۆ خۆیان لەسەر خەرجی و تچێوونی میزانیەو نەسریەكانیان مولیداتی كارەبای بەكارناهێنن، ئێستا وەزارەت یان بارەگای حیزبی هەیە بەردەوام بیست و چوار كاتژمێر كارەبای فولی بەشی دووگەرەكی گەورەی شارێكی وەكو هەولێر بۆخۆیان دەبەن، گەر ئەوەش مووكین نابێت با لەدوای دەوامەوە كارەبای ئەو شوێنانە ببڕێت و تاوەكو بەیانیەكەی بدرێتەوە ماڵان و خەڵكی مەدەنی، ئەوەشیان هەر باشترە.

یەكێك لەو سیاسەتانەی كە وەزارەتی كارەبا بۆ دەسپێوەگرتنی كارەبا بەتەمایە بیگرێتە بەربیركردنەوەیە لە دانانی سركێت بۆ هەر ماڵێك، یان دروستكردنی سیستەمی كارت و داخیلكردنی (كۆد) وەك وڵاتانی پێشكەوتوو، بەڵام پێویستە وەزارەت بیر لە بەرگرتنەوەی ئەو هەموو مێگاواتەی كارەبای ناوچەپیشەسازیەكان، و مۆتێلە پێنج ئەستێرەكان، و كۆمپانیا زەبەلاحەكان، بكاتەوە كە هەموویان بۆ قازانجی گیرفانی خۆیان بەتەنیا ڤۆڵتەكانی كارەبا سود لێدەبینن، بەبێ ئەوەی كەمترین سودیان هەبێت بۆ حكوومەت.

پێم وایە گەر وانەكرێت نەك ٧٠٠ تا ١٠٠٠ مێگاوات كارەبا بەشی كوردستان ناكات، بەڵكو تا ڕێژەی بەرهەمهێنانی وزە لەبەرزبوونەوە دابێت، لەگەڵیشدا ئاستی بازار و گەشەی ئابووری و پێداویستی كۆمپانیاو كارگەو شوێنەكانی دیكەش كارەبای زیاتردەبن، بەمەش هەوڵی چەندین ساڵەی چارەسەری بەئێشترین كێشە كە كارەبایە هیچ گۆرانێك ناكا.

Shakawan77@yahoo.com

# ئەنفال ئابوریمانی ئەنفالكرد؟



دەهام عەبدولباقی

ئەنفال گەورەترین كارەساتی مرۆیی بوو، بەڵام پێم وایە لەوەش گەورەتر ئەو كارەساتە ئابوورییە بوو كە هەموومانی توشی ئەو دەردە گرانیەی ئەمڕۆكرد، گەر هەركارێك بكەین بۆ پێشخستنی وڵاتمان ژێرخانی ئابووری لەبەر چاونەگرین وەكو ئەوە وایە هیچمان نەكردبێت، بۆیە دێهاتەكان سەرچاوەی سەرەكی ئابووریمانن دەبێ ئاوەدانیان بكەینەوە.

**ئەنفال** مەرگێكی بەكۆمەڵ بوو بۆ هەموو خەڵكی كوردستان، پلانێك بوو مەبەست تێیدا لەناوبردن و سڕینەوەی مرۆڤی كورد بوو، گەرچی لە لایەن بەرپرسان و ڕۆشنبیران و سیاسیەكان باس لەوە دەكرێت كە ئێمەی كورد پاش كارەساتە جەرگبڕەكە بەتەواوەتی لە ماناكانی ئەو پلانە گەیشتین و زانیمان بەعس چ ئامانجێكی بەشارەوەی هێشتۆتەوە، بەڵام من پێم وایە هێشتا زۆری دەوێت تاوەكو ئێمە لە مەبەستە ئاشكرا و شاراوەكانی ئەنفال بگەین.

ئەوەی بەئاشكرا لە كردە ترسناكەكە دیاربوو، ئەوەبوو كە بەعس دەیوست كۆمەڵێك خەڵكی گوندنشین ودانیشتوانی دەرەوەی شار و ئەو شوێنانەی كە پێشمەرگە تێدا سەربەستانە چالاكی دەكرد وێران بكات و خەڵكەكەشی هەندێكیان ڕاگوێزێت و هەندێكی زیاتریشی زیندەبەچاڵ بكات، وە شەڕی ڕقی خۆی لەگەڵ خەڵكی ئەو ناوچانە بكات، بەڵام دەكرێت ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستان گەورەترین مانای ئەو پڕۆسە ترسناكە تێبگەین و زیانەكانی بزانین.

دیارە هەموو وڵاتێك هەر لەسەرەتای هەنگاونانی بەرەو دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بیر لە پتەوكردنی ژێرخانی ئابووری خۆی دەكاتەوە و لە ڕێگای بوژاندنەوە و گەشەپێدانی كشتوكاڵ و كارگەكانی بەرهەم هێنان ژێرخانێكی ئابووری گەورەی بۆخۆی دروست دەكات، بەڵام بەعس دەیزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان كوردستانی لەدەستدەچێت، بۆیە دەیویست لە ڕێگای وێرانكردنی دێهات و ئاوایییەكان كە لەهەموو دونیا ئەو جێگایانە سەرچاوەی سەرەكی ئابووری كشتوكاڵین گورزێكی گەورە لە داهاتووی كوردستان بدات و وابكات گەر بەیانی كورد دەسەڵاتی خۆی بكەوێتە دەستی نەتوانێت بەماوەیەكی كورت سود لە سەرچاوە ئابوویەكانی دێهاتەكانی وەرگرێت و خۆی پێ بەڕێوە ببات.

دیارە دەبێت دان بەو ڕاستیە بنێین ئەگەر تاڵیش بێت، كە حكوومەتی بەعس لە پێكانی ئەو ئامانجەی سەركەوتوو بوو و ئەوەتا ئەمڕۆ دێهاتەكانی كوردستان لە سەدا چلی پێداویستی كشتوكاڵی خەڵكی دابین ناكەن، بەڵكو ناچارین بۆ كەرەوز و پیساز و سڵقیش پەنابەرینە بەر دەرەوە، بەداخەوە حكوومەتی هەرێمیش نەیتوانی بە وریایانەو زیرەكانە بەرامبەر بەو سیاستە گڵاوەی بەعسیەكان بجوڵێتەوە و لەجیاتی ئەوەی پلان دارێژێت بۆ بوژاندنەوەی گوندەكان و دەسگرتنی خەڵك لە گەڕانەوەیان بۆ گوندەكان، هەستا بە دامەزراندن و كردنی زۆربەی دانیشتوانی گوندەكان بە مووچەخۆر.

.دەبێت ئەو ڕاستیەبزانین كە ئێمە جیا لەوەی وڵاتێكی سەربەخۆنینە، هاوكات ناشتوانین وڵاتێكی پیشەسازی و بەرهەمهێنی كارەگەیی بین، بەڵكو چاكترین كاری ئێمە ئەوەیە دیسانەوە بەپلانێكی ستراتیژی گوندەكان ئاوەدان بكەینەوە، دەكرا حكوومەتی هەرێم وەك چۆن لە یادی ئەنفال بەردی بناغەی چەند خانوویەكی نیشتەجێكردنی بۆ خەڵكی لێقەوماو دانا، ئاوەهاش لەو یادە حكوومەتی هەرێم گەورەترین هاوكاری و پاڵپشتی پێشكەشی خەڵكی گوندەكان كردبا.

ئەنفال هات و ڕۆیشت هیوادارین كارەساتی وا جەرگبڕ بەسەر هیچ گەل و نەتەوەیەكی سەروی ئەو زەمینە نەهێت، بەڵام دەبێت ئێمە وەڵامێكی قەناعەت پێكەرمان بۆ گەورەیی كارەساتەكە هەبێت،وەكو وتم

## پێشنیارێك بۆ حكومەت

**فەرمانبەر** ئەو چینەیە كە لە حكومەتدا كارایی خۆیی هەیە لەسەر خزمەتكردن بەدام و دەزگاكان وە هەورەها پێشخستنی كاروباری حكومەت. بۆیە حكومەتیش هەستاوە بە دانانی چەند ئیمتیازێك بۆ چینی فەرمانبەر كە یەكێك لەو ئیمتیازانە بریتییە لە پێدانی زەوی بۆ فەرمانبەر بە گوێرەی ڕێنماییەكان كە لەلایەن حكومەتەوە پەیڕەو دەكرێت، كە یەكێك لەو مەرجانە هەبوونی خاڵە بۆ فەرمانبەر كە بریتییە لە خزمەتی كاركردن و خێزان و منداڵ كە ئەویش دەكەوێتە ئەو كاتەی كە حكومەت پلانی هەبوونی زەوی بۆ فەرمانبەر دادەڕێژێ و بە گوێرەی هەبوونی خاڵ كە حكومەت دایدەنێ. تا ئێرە زۆر ئاساییە ئەوەی جێی باسە ئەو بڕیارەیە كە ئەگەر هەر فەرمانبەرێك لە (١٥) ساڵ خزمەت بەسەرەوەی هەبێت ئەتوانێت خۆی خانەنشین بكات كە جێی سوپاس و دەستخۆشیە و بەسوودی چینی فەرمانبەران دەشكێتەوە، بەڵام زۆر لەو فەرمانبەرانەی كە ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە حەزناكەن خۆیان خانەنشین بكەن، لەبەرئەوەی تا ئێستا فەرمانبەر هەیە كۆی خاڵەكانی لەسەرووی (٢٠) خاڵە، بەڵام تائێستا سوودمەند نەبووە لە زەوی وەرگرتن. بۆیە پێشنیار دەكەم بۆ لایەنی پەیوەندار پلانێك هەبێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی كە خزمەتیان لەسەرووی (١٥) ساڵە بەپێدانی پارچە زەوییێك خانەنشین بكرێن، ئەوسا زۆر لەو فەرمانبەرانە یەكەم دەگەن بە مافی خۆیان دووەمیش فەرمانبەرێكی یەكجار زۆر خۆیان خانەنشین دەكەن، دەشێت لە شوێنی ئەوان هێزێكی بەتوانا ترو كارامەتر لە جیاتی ئەمان دابمەزرێندرێ بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیان.

كاروان سابیر مستەفا
فەرمانبەر